سەرۆک وەزیران داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد هەوڵکانیان بخەنەگەڕ بە بەرقەراربوونی ئاشتی ناوچەکە

ئەمڕۆ یەکشەممە محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد هەوڵکانیان بە سەقامگیرکردنی ناوچەکە چڕتر بکەنەوە. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پەشوازی لە ستیفن هیچن باڵیۆزی شانشینی یەکگرتوو لە عێراق کرد و ئاماژەی بەوەشکرد : کەبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و ڕەگاکانی پەرەپێدانی لە بوارە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی سیاسی و ئابووری، هەروەها لە کەبوونەوەکەدا باس لە سەردانەکەی داهاتووی سەرۆك وەزیران بە شانشینی یەکگرتوو کرا و دیارترین دەسپێ و بابەتەکانی هاوبەش کە لەم سەردانەدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، بە شێوەیەك کە بەشداربێت لە سەرکەوتنەکانی. سەرۆك وەزیران ئاماژەی بەوەدا : پێویستی چێکردنەوەی هەوڵکانی هەموو وڵاتان، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپی، لەپێناو سەقامگیرکردنی ناوچەکە و کارکردن بە بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش بە هەموو گەلانی ناوچەکە.